# کەنار وەک هەڵبژاردەی باسکەی عێراق دوو ساڵە بێبەشە لە یارییە نێو دەوڵەتییەکان

**ئا/ نیاز عومەر**

کەنار وەك هەڵبژێراوێکی یاری باسکەی تازە پێگەیشتوان لەسەر ئاستی عێراقو سەبارەت بە بەشداری نەکردنی لە یاریەکانی دەرەوەی وولات، دڵگرانە بە لەدستدانی ئەو هەلانەو دەڵێت " بێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی خوێندنو تاقیکردنەوەکانی خوێندکار، پلان بۆ سازدانی پاڵەوانێتیەکانی ناوەوەو دەرەوە دادەنرێت".

کەنار موحسینی خوێندکارو وەرزشەوان، یاریزانێکی تازەپێگەیشتووی یاری باسکەیە، ماوەی ٤ ساڵە ئەندامێکی چالاكو بەتوانای یانەی کەمال سەلیمە. ئەو لە سەرتادا تەنها حەزی دەبێت بۆ یاری باسکە، بێ هیچ زانیاریو مەشقێکی پێشوەخت لەڕێی ڕینمایی کردنی خێزانو کەسانی دەوروبەری ڕوودەکاتە یانەی کەمال سەلیم بۆ پەرەدان بە حەزەکەی. سەرکەوتنەکانیشی لەم بوارەدا دەداتە پاڵ ڕووبەڕوونەبوونەوەی هیچ کۆسپێك لە ژیانی وەرزشیدا

ئەو لەم بارەیەو ووتی: "حەزو ئارەزوی وەرزشم هەبوو، هاندانی بەردەوامی خێزانو هاریکاری تەواوی یانەکەشم پاڵپشتی سەرکەوتنەکانم بوون".

کەنار لەگەڵ ئەوەی خوێندکارێکی شەشی ئامادەییە، بواری وەرزشو یاری باسکەش یەکێکە لە حەزەکانی، لەپێناو سەرکەوتنی یانەکەشی بەشداری لە لە چەند یارییەکی تر دەکات " بەهۆی نەبوونی یاریزانی کچ لە یانەکەمدا یاری باڵەو بەشداری تۆپی دەستی کچانیش دەکەم".

بەڵام ئەو لەنێو ئەو یاریانەدا ئاماژەی دا کە " زیاتر خۆم لە لە یاری باسکەدا دەبینمەوە چونکە جوولەو توانای زیاتری دەوێت".، هەر بۆیە بە درێژایی ٤ ساڵی ئەندام بوونی لەم یانەیەدا بەشداری لە زۆر پاڵەوانێتی ناوەوەو دەرەوە لەسەر ئاستی سلێمانیو عێراقدا کردووە، وەك وەرزشەوانێکی یانەکەی دەڵێ" ماوەی سێ ساڵە وەك تیپی باسکەی تازەپێگەیشتوانی کچان پلە یەکمان بەدەستهێناوەو لە یاری باڵەشدا ٢ ساڵە خاڵی باش تۆمار دەکەین". پاشان ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەو دەسکەوتەی ئەمساڵو پارساڵی دەدات، وەك هەڵبژێراوی تیپی باسکەی تازەپێگەیشتوانی سلێمانی



لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق پلە یەکی بەدەستهێناو پار بە نوێنەرایەتی عێراق وابڕیاربوو بەشداری لە پاڵەوانێتی ئاسیا لە ئێرانداو ئەمساڵیش بەشداری لە پاڵەوانێتی عەرەبی لە دوبەی بکات، بەڵام تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی خوێندن ڕێ لە بەشداربوونی دەگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو هیوای بە بەشداربوونی لە پاڵەوانێتی داهاتوودا هەیە کە لە مانگی ١١داو بۆ تیپەکانی باسکەی تازەپێگەیشتوان لە مالیزیا ئەنجام دەدرێت.

ناوبراو باس لە ئاوڕنەدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانو کەم توانایی یانەکەی دەکات لە پێرانەگەیشتنی بە پرکردنەوەی هەموو پێداویستیو کەموکوڕیەکانی یاریزانەکان، لەم ڕووەوە ووتی "یانەی کەمال سەلیم کەمتەرخەم نییە بەرامبەر بە یاریزانەکانی، بەڵام یانەکە بۆ خۆی دەعمێکی ئەوتۆ ناکرێ تا بتوانێ هەموو کەموکوڕیەکانی یاریزان پڕبکاتەوە". پاشان ناوبراو ئاماژەی دا بە گرنگی توانای مادی یانەکانو ڕۆڵی لە هێشتنەوەی یاریزانو یانەکان لە ئاستێکی چالاکیو توانایی بەرزدا ، ئەویش بەوەی " ئەو یانەیەی توانای ماددی باش بێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێ یاریزانی بەتوانا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت".

## نامەیەکی کراوە بۆ هاوڕێی ئازیزم مەهاباد قەرەداغی.. پاشماوە

بەهەرحاڵ دەسەڵات لای ئێمەئاوا دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشی خۆسەپێنەرە. ئەمەتا ئێرەکێشەیەکە. بەڵام کێشەیەکی تر کەمن مەبەستمەئەمڕۆ قسەی لێبکەم مەسەلەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی چالاکانی ناو بزووتنەوەکۆمەڵایەتییەبەرحەقەکانی خەڵکەلەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا. من پێم وایەزۆرێکمان دروست ئەم مامەڵەیەناکەین. هەڵەی تۆ بۆ نموونەلەنزیکبوونەوەو کارکردنت لەگەڵ حکومەتێکی لەم چەشنەدا ئەوەبوو کەتۆ هەموو ئەمری خۆت وەک ڕوخسارێکی فیمینیزم تەسلیم بەدەستی دەسەڵات کرد و چاوەڕوانیت ئەو بەمەرحەمەتی خۆی مافەکانی ژنانت بۆ دەستەبەر بکات. ئەم "سیاسەتی مەرحەمەتخوازیی"یەی تۆ دەستت داوەتێ مەترسییەکەی لەوێدایەکەتۆ وەک ڕوخسارێکی دیاری بزووتنەوەی ژنان ئەموری بزووتنەوەی ژنان دەخەیتەبەردەستی دەسەڵاتدارێک تا بەمەزاجی خۆی هەر کاتێک ویستی بتدوێنێ و هەر کاتێکیش مەزاجی تێک چوو، یان تێکت دا، بێبەرییت بکات لەهەموو ڕۆڵێک. ئێستاش ئەوەی کەڕوودەدات هەر ڕێک سەلماندنی ئەم تێڕوانینەی منە. تۆ بەنامەکەت بۆ جۆرج بۆش و پێداگرییەکانت لەسەر داوای دانی کۆتەی ژنان مەزاجی دەسەڵاتت بڕێک تەڵخ کرد و ئەویش بەهەمان ئەندازەی ئەو "پێ خواردانان"ەی تۆ (دیارەپێ خواردانان لەڕوانگەی دەسەڵاتەوە) باسی ئیقالەو ئیستیقالەی بۆ هێناویتەتەپێش و باسی بێبەریکردن دەدات بەگوێتدا. ئەوەی جێی داخی منە ئەوەیەکەناتبینم تۆ بێ منەت بیت لەو هەڕەشەی بێبەریکردنە. تۆ حکومەت جارێک باس لەئیقالەکردنت دەکات و جارێکیش باس لەئیستیقالەدانت، کەچی تۆ خۆت هەر دەتەوێ بڵێیت کەهیچ لەئارادا نییەو هەندێک ناحەز قسەهەڵدەبەستن،

ئەگینا دۆخەکەهەروەک جاران دەڕوا و تۆ هەر لە پۆستەکەی خۆتدایت. حکومەت و پیاوانی لەسەر نامەکەت دنیایەکت لێ هان دەدەن و لەسەر قسەگەلێک کەهەر هیچ نا بەلای خۆتەوەقسەی حەق و قسەی مەبدەئیی تۆن هێرش دەکەنەسەرت، کەچی تۆ لەبەرامبەریاندا تەنها بەوەدەوەستیتەوەکەتۆ بەناوی شەخسیی خۆتەوەقسەت کردووە. بەمەش تۆ بەناڕاستەوخۆ دەڵێیت کەیەکەم، حکومەت مافی خۆیەتی ئەم داواکارییەمەبدەئییانەی منی بۆ گرنگ نەبێت و هەر خۆیشی نەکات بەخاوەنیان و دووەمیش، لەگەڵ ئەوەشا من هەر ئامادەم لەناو ئەم حکومەتەدا بمێنمەوە. ئا لێرەدایەتۆ لەبەر دڵی حکومەت ئیستیفهامێک لەسەر خۆت دروست دەکەیت. ئاخر تۆ ئەگەر بۆ مەسەلەمەبدەئییەکانت نەبێت ئیتر کاری چیت ماوەلەناو حکومەتدا؟ چاوەڕوانیی من لەکەسێکی خەباتکاری ڕاستەقینەی ناو بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی لەحاڵەتێکی وادا ئەوەیەکەئەو بەر لەحکومەت و هەر کەسێکی تر هەڕەشەی ئیستیقالەدان و وازهێنان بێنێتەپێشەوە. کەتۆش خۆت ئەمەت نەکرد، ئێستا پڕ بەدڵ تەمەننا ئەکەم ئەو لێدوانەی قسەکەری ڕەسمی حکومەت ڕاست بێت کەتۆ خۆت بیرت لەئیستیقالەکردۆتەوە. بەڵام من ترسێکم لەوەهەیەکەبۆچی خۆت ڕاینەگەیەنیت. ترسی ئەوەم هەیەکە- هەروەک چۆن ئەو قسەکەرەڕەسمییەی حکومەتیش داوێتی بەگوێی خەڵکدا - ڕەنگەهەر لەناو حکومەتدا بمێنیتەوەو کاربکەیت. تەمەننا ئەکەم وا نەبێت و ئەگەریش وابێت ئەوە ئیتر سەرم سوڕ نامێنێت لەوەی ئەگەر ڕەخنەگرانت بەوەتاوانبارت بکەن کە مەهاباد قەرەداغی بەشوێن ناودەرکردن و پۆست و ماڵ و موڵکەوەیەنەک مەبدەئێک.

بەڵام نا، من ئەو چاوەڕوانییەم لێت هەیەکەبەلای تۆوەشانازییکردن بەمەبدەئێکی ئینسانییەوەزۆر گەورەتر بێت لەشانازییکردن بەپلەوپایەوە. من چاوەڕوانم تۆ بگەڕێیتەوەسەر داکۆکییەسەرسەختانەکانی جارانت لەکەرامەتی خەڵکی ئەو ناوچەیەو مافەکانی ئافرەتانی ئەوێ لەبەرامبەر ئەو ناحەقییانەی دەسەڵات بەرامبەریان دەیانکات.

تۆ بزانەئەو داکۆکییانەجێگەی شانازییەکی زۆر گەورەترەلەو خۆنواندنەپووچەی کە"دەوڵەمەندەنوێیەکان" بەڤێللا و مۆنیکاکانیانەوەبەسەر خەڵکەدەستپاکەکەوەدەیکەن. ئێمەیەک کەلەدەرەوەی دەسەلاتدا وەستاوین شانازیی گەورەمان بەوەوەیەکەڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتەگەندەڵ و ناعادیلەی کوردستانین. ئەگەر جاران لەناعادیلیی دەسەڵات خەڵک دەیدا بەشاخدا و دەبووەپێشمەرگەو چەکی هەڵدەگرت، ئەوا ئەم سەردەمەئێمەی ڕەخنەگر دەدەین بەهەندەراندا و قەڵەم هەڵدەگرین. هەر بەهەمان شێوەش کە یەکێکمان "قەڵەم دادەنێ" و دەچێتەوەپاڵ حکومەت خەمبار دەبین و وای دادەنێین بەئەندازەی ئەو سازشەپیاوانی حکومەت دەستئاوەڵا دەبن و حەق بەخۆیان دەدەن ناحەقی بەرامبەر بەخەڵک بکەن.

خۆزگە تۆش گیانی ڕەخنەگریی جارانت دەهاتەوەبەبەردا و دەتدایەوەبەهەندەراندا و قەڵەمەکەت هەڵدەگرتەوە.

نەرویج ١٠,٠٦,٢٠٠٦
rozahusein@yahoo.com

## پاڵەوانێتیەکی شەترەنج لەسەرانسەری عێراق بۆ بەشداربوون لە یارییەکانی دەرەوەی وولات

پاڵەوانێتیەکی شەترەنج بۆ کوڕانو کچان بە هەموو ئاستەکانی تەمەنو لە نێوان پارێزگاکانی عێراق ئەنجام دەدرێت.

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی لیژنەی ئۆڵۆمپی سلێمانیو لە ناوەڕاستی مانگی شەشدا، یەکێتی نیشانەشکاندنی عێراق بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پاڵەوانی ئاستەکان قارەمانێتیەکی شەترەنج بۆ کوڕانو کچانو بۆ هەموو ئاستەکانی تەمەن لە نێوان پارێزگاکانی عێراق سازدەکات، ئەویش لە هۆڵی هەدەف لە شاری بەغدا.

مامۆستا ئەسعەدی سەرۆکی گشتی یەکێتی شەترەنج سەبارەت بە هەنگاوەکانی دوای ئەم قارەمانێتیە وتی" یەکەمی تەمەنەکانی (٨-١٤)ساڵی پاڵەوانێتیەکە، وابڕیارە بەشداری لە قارەمانێتی ئاسیا لە ئێراندا بکەن، کە لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٣ دا ئەنجام دەدرێت".

مامۆستا زریانی سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی کچانو ژنانی سەر بە لیژنەی ئۆڵۆمپی ئاماژەی بە چالاکیەکی شەترەنجی نێودەوڵەتی داو ووتی" قارەمانێتیەکەی سەر ئاستی عێراق بۆ پاڵاوتنی یەکەمی هەموو تەمەنەکانەوبە مەبەستی بەشداریکردن لە قارەمانێتی وڵاتەعەرەبیەکان لە مەغریبە، کە ماوەی ١٧-٢٠٠٦/٧/٢٧ دەخایەنێت.

## قارەمانێتی نیشانشکاندن بۆ یانەکانی ناو شاری سلێمانی

یەکێتی نیشانەشکاندنی سلێمانی قارەمانێتیەکی نیشانەشکاندن بۆ یانەکانی ناو شاری سلێمانی ئەنجام دەدات.

مامۆستا نەجوای سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی بۆ چالاکیەکانی کچانو ژنان لە لێدوانێکدا بۆ ڕێوان ووتی" یەکێتی نیشانەشکاندنی سلێمانی قارەمانێتیەك بۆ یانەکانی ناوشاری سلێمانی لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٥ و بە کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی سەر لە ئێوارە لە هۆڵی یانەی پێشمەرگە ئەنجام دەدات". هەروەها نەجوا باسی لە سستی ئەم یاریە کردو ووتی " ئەم ساڵ یەکەم جارە چالاکی نیشانەشکاندن لە سلێمانی ئەنجام بدرێتو یانەکانی وەك پیشمەرگە، کەمال سەلیم، ئاشتی تێیدا بەشداری دەکەن".

## گیا دەرمانی

### بامیە

**ئا/فەرزانە عەلی**

سودەکانی بامیە:

١- خواردنی بە کوڵاوی چالاکی گورچیلە زیاد دەکات و میزکردن زۆر دەکات — ئازارو سوتانەوەی بۆری میز چارەسەردەکات — ئەو نەخۆشیانەی دەبنە هۆی زۆربوونی سۆکردنی هەناو، لەناو دەبات. پێست نەرموناسك دەکات،جەستە بەهێز دەکات، تۆواوزیاد دەکات، بۆ کەسانی گەرموگوڕ زۆرسود بەخشە، گرێی پرۆستتایش بەهێز دەکات .

٢- لەگەڵ ناوكو ریشەکەی بکوڵێنرێتو ئاوەکەی پاش پاڵاوتن بخورێتەوە زاوزێ (منداڵبوونی ) دژوار ئاسان دەکات.

تێبینی:

بۆکەسانی ساردوسڕخراپە.

بۆ ئەو پیاوانەی کە تۆواوەکەیان روونەو کەمی ژمارەی سپرمەکانیان هۆکاری منداڵ نەبونیانە، نابێت بامیە بخۆن.

## لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان قارەمانێتیەکی شەترەنج ئەنجام دەدرێت

سەرچاوەیەکی وەرزشی پلانی چالاکیە وەرزشیەکان بۆ شەش مانگی داهاتوو ڕادەگەیەنێت.

سەرچاوەیەك لە یەکێتی شەترەنجی سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕێوان، ئاماژەی بەو پلانە کرد کە "لیژنەی ئۆڵۆمپی بە نیازە لە شەش مانگی داهاتوی ئەمساڵدا ژمارەیەك چالاکی بۆ یانەکانی کوردستان ئەنجام بدات".

بەپێی لێدوانی هەمان سەرچاوە لە لیژنەی ئۆڵۆمپی " لە پلانماندایە بۆ مانگی حوزەیران قارەمانێتیەکی شەترەنج بۆ یانە پلە دووەکانی کوردستان، لە دوای تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ ئەنجام بدەین " هەروەها ووتی "(یانەکانی ناو شاری سلێمانی، شاری هەولێرو ڕاپەڕین، کەرکوك، خانەقی، گەرمیان)، ئەو یانانەن کە بەشداری ئەو پاڵەوانێتیە دەکەن".

ڕێوان
خاوەنی ئیمتیاز
روناک رەئوف
سەرنووسەر
روناک فەرەج
جێگری سەرنووسەر
هانا شوان
نەخشەساز
سەیران ئەمین
ناونیشان: سلێمانی فولکەی عەقاری پشت ئوتێل ئاشتی
ژ.ت: ٣١٢٤٢٨٧– ٣١٣٣٠١٥
www.rewan.org
Email: rewankurd@yahoo.com